# کەی لە ئەناپۆلیسی دووەم کوردستان سەربەخۆ دەبێت

فەهد گردەوانی

سبەی سەرۆکی فەلەستین مەحموود عەباس [1935/3/26] و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئێهود



ئێهود ئولمیرت .. مەحموود عەباس .. یاسر عەرەفات .. ئێهود بەراک

ئولمیرت [1945/9/30] لە ئەناپۆلیس یەکتر دەبینن .جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکا دەیەوێت مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەر بکات بەر لەوەی واز لە پۆستەکەی بهێنێت و بۆخۆی ناوی بچیتە ناو مێژوو .دەمێکە ئەمریکا هاوار دەکات بۆ دوو دەوڵەتی دراوسێ لە تەنیشت یەکتر بە ئاشتی بژین ئەویش دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین . خاڵێکی گرنگ بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا سەرکەوتنی سیاسی تێدا بەدی دەکرێت ئەویش دابڕان و ئیسولێرە کردنی {حەماس و حیزبوڵڵا و ئێران} کە دژی کۆبونەوەی ئاشتین . سعودیائ عارەبی و ئوردن و میسر و سوریا و لوبنان بەشدارن لەو کۆبونەوەیە . ئەو وڵاتانەش لە مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل خاوەنی بڕیارن بۆ ئەوەی کۆبونەوەکە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و ئاشتی یەکی تەواو بچەسپێت . ئەمریکا ساڵی 2000 لە کامپ دێڤید شکستی هێنا کاتێک بۆی نەکرا ئێهود بەراک [1942/2/12] و یاسر عەرەفات [1929/8/24 ــ 2004/11/11] پێک بهێنێت و رازیان بکات کە ئاشتی وەدەست بخەن .گەلۆ کەی کوردەکان لەژێر چاودێری ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ رژێمەکانی ئێران و سوریا و تورکیا و عێراق لە ئەناپۆلیس دادەنیشن و نەخشەی کوردستان دادەرێژن . کوردەکان هاودەنگن بۆ کۆبونەوەیەکی ئاوا فرەوان و مافی سەربەخۆیی بۆ کوردستان وەدەست بێنن .

ستۆکهۆڵم 2007/11/26